دوو تۆمەتبار لە سلێمانی دەستگیرکران کە ئۆتۆمبێلێکیان دزیبوو

دوو تۆمەتبار لە سلێمانی دەستگیرکران کە ئۆتۆمبێلێکیان دزیبوو.

بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەمڕۆ یەکشەممە دەستگیرکردنی دوو کەسی ڕاگەیاند بەتۆمەتی دزینی ئۆتۆمبێلێک، "لەسەر سکاڵای هاوڵاتییەک و لێلایەن بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانییەوە دوو تۆمەتبار دەستگیرکران".

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاندووە،

دوای ئەوەی هاوڵاتییەک سکاڵای تۆمارکرد کە ئۆتۆمبێلەکەی دزراوە، هێزەکانی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانیان دەستپێکرد و دوای وەرگرتنی بەیاری دادوەر توانرا لێلایەن بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی و بەهاوکاری نەهێشتنی تاوانی ڕانیەو بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی تۆمەتباران بدەزرێنەوەو دەستگیربکرێن و دەستیش بگیرێت بەسەر ئەو ئۆتۆمبێلەدا کە تۆمەتباران بردبوویان.

پۆلیس دەڵێت: لێئەستادا هەریەک لە تۆمەتباران (ب،ح، م لەدایکبووی 2002 و س، أ، و لەدایکبووی 2000) بەبەیاری بەڕێز دادوەرو بەپێی ماددەی 446 لەیاسای سزادانی عیراقی ڕاگیراون.